**سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان**

**ژمارە : د - ٦٠**

**ڕێکەوتی : ٣٠ / ١ / ٢٠١٣**

## بڕیار
## ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٣

بە پێی ماددەی ( دەیەم / یەکەم - ٢ ) لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو بڕیارماندا یاسای زانکۆ تایبەتیەکان لە هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠١٢ ، کە پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ئاسایی خۆی ژمارە (٣٠) لە ٢٠١٢/١٢/٢٦ پەسندی کردووە و بە نوسراوی ژمارە ١٧٤/٣/٤ لە ٢٠١٣/١/١٣ ناردویەتی بۆ ئێمە ، ڕەتبکەینەوە. بۆ پەرلەمان بۆ ئەوەی ئەو دوو ماددەیەی لای خوارەوە دێن بگۆرێت بەجۆریك بەرژەوەندی گشتی نیشتمانی و پاراستنی ئاستی بەرزی زانکۆکان بپارێزرێت لە کوردستاندا بەم شێوەیەی خوارەوە:

**یەکەم:**

ماددەی / هەشتەم/ یەکەم/ روون نییە و دەبێتە هۆکاری کێشە لەنێوان خوێندکار و زانکۆ تایبەتیەکان لەکاتی وەرگرتنی خوێندکاری پەیمانگە و ئامادەییە پیشەییەکان چونکە دەستەواژەی "نزیك - مقارب" زۆر ئەستەمە پێناسە بکرێت لەو شوێنەدا کە دەلێت

( بەمەرجێك وەرگرتنی دەرچووی پەیمانگە یان ئامادەیی پیشەیی تەنها کورتبکرێتەوە سەر ئەو کولێژانەی خوێندن تیایاندا نزیکە لە پرۆگرامی خوێندنی پەیمانگە یان ئامادەییە پیشەییەکە- علي ان يقتصر قبول خريج المعهد او الاعدادية المهنية في الكليات المقاربة في دراستها مع المنهج الدراسي للمعهد او الاعدادية المهنية )

بۆیە داوا دەکەین ( ماددەی هەشتەم / یەکەم ) بگۆردرێت و بەم شێوەیە بخویندرێتەوە .

**بە کوردی :**

( پێویستە لەسەر ئەوەی دەیەوێت پێشکەشی خوێندن بکات لەزانکۆ تایبەتیەکان هەڵگری بڕوانامەی خوێندنی ئامادەیی یان پیشەیی یان پەیمانگە بێت بەگوێرەی پسپۆری بەمەرجێك وەرگرتنی دەرچووی پەیمانگە یان ئامادەیی پیشەیی تەنها کورتبکرێتەوە سەر ئەو کۆلێژانەی خوێندن تیایاندا هاوتای پڕۆگرامی خوێندنی پەیمانگە یان ئامادەییە پیشەییەکەییە بەگوێرەی ئەو ڕێنماییانەی وەزارەت دەریان دەکات ) .

**بە عەرەبی :**

( يشترط في الراغب في التقديم للدراسة في الجامعات الخاصة ان يكون حاصلا على شهادة الدراسة الاعدادية او المهنية او المعهد حسب الاختصاص على ان يقتصر قبول خريج المعهد او الاعدادية المهنية في الكليات المماثلة في دراستها مع المنهج الدراسي للمعهد او الاعدادية المهنية وفقا للتعليمات التى تصدرها الوزارة ) .

**دووەم :**

بۆ ئەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ، و لە ڕێگای ئەوەوە حکومەتی کوردستان ، بتوانێت ژمارە و جۆری پسپۆرییەکان ، کە پێویستن لە هەر بوارێکی ژیاندا لە ساڵانی داهاتوودا لە وڵات ، دابین بکات بە گوێرەی پلانێکی زانستی لە لایەکەوەو و سەرپەرشتیاری تێکڕای پلانی وەرگرتنی ساڵانەی گشت خوێندنی باڵا بێت وڕێگا نەدات هەر زانکۆیەك بە گوێرەی بەرژەوەندی مادی خۆی ژمارەی وەرگرتوان بۆ خۆی دیاری بکات داوا دەکەین ماددەی ((دەیەم / یەکەم )) بگۆردرێت و بەم جۆرە بخوێندرێتەوە .

**بە کوردی :**

( پلانی وەرگرتنی ساڵانە بۆ پەسەندکردنی )

**بە عەرەبی :**

( خطة القبول السنوى للمصادقة عليها )

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق**

**هەولێر :-**
٢٠١٣/١/٢٠